# حەسسانی کوڕی ثابت(رضي الله عنه)

**ناوی حەسسانی کوڕی ثابتی کوڕی مونذیرە، ئەم هاوەڵە لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان لە بەنی نەججار، شاعیری ناسراو و ڕێزداری پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) بوو، کونیەکەی ئەبولوەلیدە، یان دەوترێت ئەبولحسام، یان ئەبووعەبدوڕەحمانیشی پیٚ دەوترا،[١] بۆیە پێی دەوترا ئەبولحسام لەبەر بەرگری زۆری لە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) و هێرش کردنە سەر بێباوەڕان.[٢]**

**دایکی ناوی فورەیعەی کچی خالیدە، دایکیشی موسڵمان بوو و بەیعەتی دا بە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم).[٣]**

**حەسسان دوو برای هەبوو بە ناوەکانی ئوبەی و ئەوس کە هەردووکیان موسڵمان بوون،[٤] پێشتریش باسی ژیانی هەرکام لەوانمان کردووە، برایەکی تری هەبوو بە ناوی ثابت کە ئەمیش هاوەڵی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بوو[٥] و**

---

١ - الإصابة في تمييز الصحابة، ج 2، ص 63.

٢ - أسد الغابة، ج2، ص 7.

٣ - الإصابة في تمييز الصحابة، ج 2، ص 63.

٤ - أسد الغابة، ج1ص75.

٥ - أسد الغابة، ج1، ص 342.

پێشتر باسمان کردووە، هەروەها حەسسان حەسسان خوشکێکی هەبوو بە ناوی کەبشە.[١]

حەسسان کوڕێکی هەبوو بە ناوی عەبدوڕەحمان کە دایکی ناوی سیرین بوو، سیرین خوشکی ماریە بوو کە پێغەمبەر(ﷺ) ئەو دوو خوشکەی بە دیاری بۆ هات لەلای مقوقسی میصرەوەو ماریەی بۆ خۆی داناو سیرینی بەخشی بە حەسسان، عەبدوڕەحمانیش شاعیر بوو.[٢]

حەسسان بەسەرهاتێکی تەمەنی منداڵی خۆی دەگێڕێتەوەو دەڵێت من حەوت یان هەشت ساڵ بووم کە رۆژێك بینیم لە مەدینە جوولەکەیەك بەرەبەیان هاواری کرد ئەی گرۆی جوولەکە، ئەوانیش کۆبوونەوە، منیش نزیك بووم و گوێم لێ دەگرت، کابرا وتی وا ئەستێرەی ئەو ئەحمەدە دەروشایەوە کە بڕیارە ئەمشەو لەدایك بێت.[٣]

---

١ - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 508.

٢ - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج5، ص 266.

٣ - البداية والنهاية لابن كثير، ج2، ص 267.

**لەپێش هاتنی پێغەمبەردا(ﷺ) حەسسان شاعیری ناو مەدینە بوو و لای خەڵکی مەدینە زۆر ناسراو بوو، دواتریش کە پێغەمبەر(ﷺ) هات و حەسسان باوەڕی پێ هێنا بوو بە شاعیری پێغەمبەر(ﷺ).[1]**

**کاتێك پێغەمبەر(ﷺ) کۆچی کرد بۆ مەدینە تەمەنی حەسسان نزیکەی شەست ساڵ بوو.[2]**

## ئایا حەسسان ترسنۆك بووە؟

**ئیبن حەجەر دەڵێت حەسسان لەگەڵ ئەوەی شاعیرێکی وا گەورە بوو بەڵام ترسنۆك بوو.[3]**

**لەوانەیە بەڵگەی ئیبن حەجەر بۆ بە ترسنۆك دانانی حەسسان ئەم گێڕانەوەیە بێت:**

**سەفییەی کچی عەبدولموطەلیب دەڵێت لە قەڵاکەی حەسساندا بووین و حەسسانیش لەگەڵمان بوو و ئێمەش برێك ژن و منداڵ بووین، ئەمەش لەو کاتەدا بوو کە خەندەق لێدرابوو، ئەوەبوو کابرایەکی جوولەکە دای بە**

---

١ -

٢ - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 64.

٣ - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 63.

لاماندا و بە دەوری قەڵاکەدا دەگەڕا، منیش وتم بە حەسسان ئەو جوولەکەیە لە دەوری قەڵاکەیە و من لێی دڵنیا نیم، کێ دەڵێت بۆ ئابڕوومان ناگەڕێت و نایەوێت ڕێیەك بدۆزێتەوە؟! خۆ پێغەمبەر(ﷺ) و هاوەڵان سەرقاڵ بوون و دەرفەتیان نیە ئاگادارمان بن، دەی تۆ بڕۆ بیکوژە، ئەویش وتی خوا لێت خۆش بێ ئەی کچی عەبدولموتەلیب، بەخوا دەزانیت من هی ئەو ئیشە نیم، صەفییەش کە هیچی بەدی نەکرد دارێکی داکوتراوی ناو قەڵاکەی هەڵگرت و لە قەڵاکە دابەزی و کەوتە لێدانی جوولەکەکە تا کوشتی، ئینجا گەڕایەوە بۆ قەڵاکە، صەفییە دەڵێت ئینجا کە هاتمەوە بە حەسسانم وت دابەزەو چەك و بەرگە سەربازیەکەی لێ داماڵە، خۆم بۆیە لامنەبرد چونکە پیاو بوو، حەسسانیش وتی هیچ پێویستم نیە بەو شتانەی.[1]

هەروەها ذەهەبی دەڵێت ئیبن سەعد لە واقیدیەوە هێناویەتی کە دەڵێت حەسسان لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) بەشداری هیچ غەزایەکی نەکردووە چونکە کەسێکی ترسنۆك بووە.[2]

بەڵام بەرگری لێدەکات و دەڵێت بەپێی ئەم بەڵگەیە دەسەلمێت کە حەسسان بەشداری غەزای کردووە:

---

١ - المستدرك على الصحيحين، الرقم 6933، قال الذهبي عن سنده: عروة لم يدرك صفية.

٢ - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 512.

سەعیدی کوڕی جوبەیر دەڵێت بە ئیبن عەبباس وترا وا حەسسانی نەفرەتی هات، ئەویش وتی ئەو نەفرەتی نیە، ئەو بە گیان و زمانی لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) جیهادی کردووە.[١]

ئیبنولکەلبی دەڵێت حەسسان کەسێکی دلێر و نەبەرد بوو، بەڵام بارێکی تووش بوو ئیتر بەو هۆیەوە ترسێکی تێدا پەیدا بوو.[٢]

حەسسان لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ)

رۆژێك ئەبووطەلحە برێ لە سامانەکەی خۆی کردبە خێرو هێنای بۆ پێغەمبەر(ﷺ)، ئەویش دای بە کەسە نزیکەکانی خۆی، ئوبەی کوڕی کەعب و حەسانی کوڕی ثابتو شەدادی کوڕی ئەوسو چەندێکی تر، ئەوانیش نرخی بەشەکەی خۆیان دیاری کردو حەسسان وەریگرتەوە، بۆیە بوو بە موڵکی حەسسانو ئەویش فرۆشتی بە موعاویە.[٣]

---

١ - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 518.

٢ - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 521.

٣ - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص320.

بەرائی کوڕی عازب باسی ڕووداوی بەنی قورەیضە دەکات دەڵێت پێغەمبەر(ﷺ) لەو ڕۆژەدا بە حەسسانی کوڕی ثابتی فەرموو هێرش بکەرە سەر بێباوەڕان–بە شیعر– چونکە جبریل لەگەڵتدایە.[١]

جەنابی کیلابی کە هاوەڵێکی پێغەمبەری خوایە(ﷺ) و لە فەتحی مەککەدا موسڵمان بووە دەڵێت بیستم پێغەمبەری خوایش(ﷺ) بە کەسێکی ڕەبعەی دەفەرموو(جبرەئیل لە ڕاستمەوەیەو میکائلیش لە چەپمەوەیەو فریشتەکانیش سێبەریان کردووە بۆ سەربازگەکەم، دەی شتێ لە وتەی–شیعری– خۆت بڵێ)، کابراش ئەم شیعرەی وت:

یا رُكْنَ معتمدٍ وعصمةً لائذٍ

ومَلاذَ منتجع وجار مجاورِ

یا من تَخَيَّرَه الإِله لخلقه

فحباه بالخلق الزكي الطاهر

---

١ - البداية و النهاية لابن كثير، ج4، ص131.

أنت النبي وخير عصبة آدمٍ

يا من يجود كفيض بحرٍ زاخرِ

ميكال مَعْك وجبريل كلاهما

مَدَدٌ من عزيزٍ قاهرِ

منیش وتم ئەریٚ ئەو شاعیرە کیٚ بوو؟ وترا حەسسانە، بینیم پیٚغەمبەری خوا(ﷺ) نزای بۆ دەکرد و فەرمایشتی خیٚری دەفەرموو.[١]

کاتیٚ وەفدی تەمیم هاتن بۆ لای پیٚغەمبەر(ﷺ) ئەقرەعیش لەگەڵ وەفدەکەدا بوو، کە گەیشتنە مەدینە ئەقرەع هاواری دەکرد ئەی موحەممەد سوپاس و پیاهەڵدانم جوانە و سەرکۆنەو لەدژخویٚندنیشم زۆر خراپە، پیٚغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(ذلکم الله سبحانە). لە گیٚڕانەوەی تردا هاتووە کە هەموو وەفدەکە پیٚکەوە هاواریان دەکرد و ئەوەیان دەوت، پیٚغەمبەریش (ﷺ) هاتە دەرەوە بۆ لایان و فەرمووی(ذلکم الله فما تریدون). ئەوانیش وتیان ئیٚمە خەڵکیٚکین لە بەنو تەمیم بە شاعیرو

---

١ - أسد الغابة، ج1، ص 435.

وتاربێژمانەوە هاتوین تا لەبەرامبەرت شیعر بڵێین و فەخر بنوێنین، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی (ما بالشعر بعثنا و لا بالفخار أمرنا ولكن هاتوا)، (ئێمە بە شیعر نەنێرداوین و فەرمانمان پێ نەکراوە فەخر بکەین بەڵام ئادەی)، ئەقرەعیش بە یەکێك لە گەنجەکانی وت: فڵانە کەس هەستە و باسی فەزڵی خۆت و هۆزەکەت بکە، ئەویش وتارێکی دا و وتی: سوپاس بۆ خوایەك کە ئێمەی کردە چاکترین دروستکراوی و سامانی پێ بەخشیوین تا چیمان بوێت پێی بکەین، جا ئێمە چاکترین کەسانی سەرزەوین، لە هەموان زۆرترین و زیاترین چەکیشمان هەیە، هەرکەس نکوڵی ئەو قسەمان دەکات با هەستێت و قسەیەکی باشتر لەوەی ئێمەو کارێکی باشتر لە کاری ئێمە نیشان بدات، پێغەمبەریش(ﷺ) بە پابیتی کوڕی قەیسی ئەنصاری فەرموو کە وتاربێژی پێغەمبەر(ﷺ) بوو: هەستەو وەڵامی بدەرەوە، ئەویش هەستاو لە وەڵامیدا وتی: سوپاس بۆ خوا، سوپاسی دەکەم و پشتی پێ دەبەستم و بڕوام پێ هەیە و پشتم بەو بەستووەو شایەتی دەدەم هیچ پەرستراوێ نیە جگە لە خوای تاك وتەنهای بێ هاوەڵ، شایەتی دەدەم موحەممەد بەندەو نێردراوی خوایە، کۆچەرانی ئامۆزا خۆی بانگ کرد کە چاکترین و دیاترینی کەسان بوون و ئەوانیش چوون بەدەم داواکەیەوە، سوپاس بۆ خواکە ئێمەشی کردە پشتیوان و وەزیرانی پێغەمبەرەکەی و مایەی شکۆمەندی بۆ ئایینەکەی، ئێمە لەگەڵ خەڵك دەجەنگین تا کاتێ

شایەتی دەدەن هیچ پەرستراوێ نیە جگە لە خوا، هەرکەس ئەوەی وت گیان و ماڵی لێمان حەرام دەبێت، هەرکەسیش وانەکات لەگەڵی دەجەنگین و لەبەرخوا باری لای ئێمە سووك و بێ بایەخ دەبێت، ئەمە دەڵێم و داوای لێخۆشبوون لای خوا دەکەم بۆ هەموو باوەڕداران چ پیاوان و چ ئافرەتانیان، پاشان زوبرقانی کوڕی بەدر هەستاو بە یەکێك لە کەسەکانی خۆیانی وت ئادەی هەستە و چەند دێرە شیعرێ بڵێ کە تیایدا فەزڵی خۆت و هۆزەکەت باس بکەیت، ئەویش هەستاو ئەم شیعرەی وت:

نحن الكرام فلا حي يعادلنا... نحن الرؤوس وفينا يقسم الربع

ونطعم الناس عند المحل كلهم... من السديف إذا لم يؤنس القزع

إذا أبينا فلا يأبى لنا أحد... إنا كذلك عند الفخر نرتفع

پێغەمبەریش(ﷺ) داوای حەسانی کوڕی ثابتی کرد و ئەویش هات پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی پێکرد وەڵامی بداتەوە، ئەویش لە وەڵامیاندا وتی:

نصرنا رسول الله والدين عنوة... على رغم عات من معد وحاضر

بضرب كإبزاغ المخاض مشاشه... وطعن كأفواه اللقاح الصوادر

وسل أحدا يوم استقلت شعابه... بضرب لنا مثل الليوث الخوادر

ألسنا نخوض الموت في حومة الوغى... إذا طاب ورد الموت بين العساكر

ونضرب هام الدارعين وننتمي... إلى حسب من جذم غسان قاهر

فأحياؤنا من خير من وطئ الحصى... وأمواتنا من خير أهل المقابر

فلولا حياء الله قلنا تكرما... على الناس بالخيفين هل من منافر

ئەقرەع هەستاو وتی ئەی موحەممەد سوێند بەخوا ئەوەی من بۆی هاتوم جیایە لەوەی ئەمانە بۆی هاتون، من شیعرێکم وتووە گوێی بۆ بگرە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی ئادەی، ئەویش وتی:

أتيناك كيما يعرف الناس فضلنا... إذا خالفونا عند ذكر المكارم

وأنا رؤوس الناس من كل معسر... وأن ليس في أرض الحجاز كدارم

فقال رسول الإسلام: قم يا حسان فأجبه فقال:

بني دارم لا تفخروا إن فخركم... يعود وبالا عند ذكر المكارم

هبلتم علينا تفخرون وأنتم... لنا خول من بين ظئر وخادم

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی (لقد كنت غنيا يا أخا بني دارم أن يذكر منك ما كنت ترى أن الناس قد نسوه) پاشان حەسان گەڕایەوەو وتی:

وأفضل ما نلتم ومن المجد والعلى... ردافتنا من بعد ذكر المكارم

فإن كنتم جئتم لحقن دمائكم... وأموالكم أن تقسموا في المقاسم

فلا تجعلوا لله ندا وأسلموا... ولا تفخروا عند النبي بدارم

وإلا ورب البيت مالت أكفنا... على رؤوسكم بالمرهفات الصوارم

ئەقرەع هەستاو وتی ئەی خزمینە نازانم بۆ وایە، وتاربێژیان لە ئێمە بەهێزتر و شاعیریان لە ئێمە چاکترە، دواتر نزیك بوویەوە لە پێغەمبەر(ﷺ) و شایەتومانی هێنا، پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمووی(لا يضرك ما كان قبل هذا)، (ئەوەی پێش ئەمە زیانت پێ ناگەیەنێت). ئەم ئایەتەش لەسەر بەنی تەمیم دابەزی(إن الذين ينادونك من وراء الحجرات أكثرهم لا يعقلون)،[١] دواتر هەموویان موسڵمان بون و ماوەیەك لە مەدینە مانەوە تا فێری قورئان و ئایین بن، دواتر کە ویستیان بگەڕێنەوە پێغەمبەر(ﷺ) جلو بەرگ و بەخششی پێ بەخشین.[٢]

پێغەمبەر(ﷺ) لە مزگەوتی مەدینەدا مینبەرێکی دانابوو بۆ حەسسان و حەسسان لەسەری دەوەستا و بە شیعر بەرگری لە پێغەمبەر(ﷺ) دەکرد، پێغەمبەریش(ﷺ) دەیفەرموو(إن الله يدافع حسان بروح القدس ما ينافح

---

١ - الحجرات: 4.

٢ - أسد الغابة، ج1، ص164-166.

عن رسول الله)،[١] (خوای گەورە بە روحولقودوس پاڵپشتی حەسسان دەكات تا كاتێك بەردەوام بێت لە بەرگری كردن لە پێغەمبەر(ﷺ)).

جارێك پێغەمبەر(ﷺ) بە حەسسانی فەرموو ئایا سەبارەت بە ئەبووبەكر هیچ شیعرت وتووە؟ ئەویش وتی بەڵێ، فەرمووی بیڵێ تا بیبیستم، ئەویش وتی:

وثاني اثنين في الغار المنيف وقد طاف العدو به إذ صعد الجبلا
وكان حب رسول الله قد علـــموا من البريـــة لم يعدل به رجـــلا

پێغەمبەر(ﷺ) كە ئەوەی بیست پێكەنی تا دانەكانی پێشەوەی دەركەوت، پاشان فەرمووی راستت وت ئەی حەسسان، هەروایە كە تۆ وتووتە.[٢]

---

١ - سنن الترمذي، الرقم 2847، مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 25484، المستدرك على الصحيحين، الرقم 6063، مسند احمد بن حنبل، الرقم 23880، جسنه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي، الرقم 2846، قال شعيب الأرناؤوط صحيح لغيره، صححه الذهبي في التلخيص.

٢ - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 174.

**جارێك حەسسان مۆڵەتی خواست لە پێغەمبەر(ﷺ) تا بە شیعر هێرش بکاتە سەر بێباوەڕان، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(ئەی چی دەکەیت بە رەچەڵەکی من)، ئەویش وتی چۆن موو لە هەویر دەردەکەیت ئاوا جیات دەکەمەوە(مەبەستی ئەوە بوو رەچەڵەکت دەپارێزم).[١]**

حەسسان و هەڵەیەکی زەق

**حەسسان یەکێك بوو لەو کەسانەی کە لە مەسەلەی ئیفکدا تێکەوت، مەسەلەی ئیفکیش ئەو بوختانە بوو کە کرا بۆ دایکی باوەڕداران عائیشە گوایە تووشی زینا بووە، ئەوەبوو چەند هاوەڵێکی پێغەمبەر(ﷺ) بە هەڵە کەوتنە ژێر کاریگەری دووروان و کەوتنە ئەو هەڵەوە، ئەوانیش بریتی بوون لە حەسسانی کوڕی ثابتی شاعیری پێغەمبەر(ﷺ) و میسطەح و حەمنە، ئەوەبوو خوای گەورە لەو بارەوە ئایەتی دابەزاندە خوارەوە:**

**(إِنَّ الَّذِينَ جَاءُوا بِالْإِفْكِ عُصْبَةٌ مِنْكُمْ لَا تَحْسَبُوهُ شَرًّا لَكُمْ بَلْ هُوَ خَيْرٌ لَكُمْ لِكُلِّ امْرِئٍ مِنْهُمْ مَا اكْتَسَبَ مِنَ الْإِثْمِ وَالَّذِي تَوَلَّى كِبْرَهُ مِنْهُمْ لَهُ عَذَابٌ عَظِيمٌ)**

١ - صحيح البخاري، الرقم 3359، صحيح ابن حبان، الرقم 5866، المستدرك على الصحيحين، الرقم 6063،

(بێگومان کەسانێ کە ئەو بوهتانەیان (بۆ عائیشەی خێزانی پێغەمبەر (ﷺ) هەڵبەست دەستەیەك بوون لە خۆتان (با موونافیقیشیان تیا بوو) وا مەزانن ئەو (بوهتانە) شەڕ و خراپە بۆتان (وانی یە) بەڵکو خێرو چاکەیە بۆتان بۆ هەریەك لەوانە هەیە لەتاوان بەو ئەندازەی هەوڵی داوە (لەو بوهتانەدا) وە ئەو کەسەیان کە بەشی گەورەی بوختانەکەی گرتە ئەستۆ (کە عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی بوو) (لە ڕۆژی دواییدا) بۆ ئەوە سزای هەرە گەورە)،[١] بۆیە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی کرد هەشتا جەلد هەشتا جەلد درا لەو سێ کەسە.[٢]

وەستانێك

سەبارەت بە تاوانباربوونی ئەو سێ هاوەڵە لەو مەسەلەدا نابێتە بەڵگەی ئەوەی کە لە هاوەڵبوون دەربچن، چونکە هەرکام لەوانە لای پێغەمبەر(ﷺ) پایەی تایبەتیان هەبووە، بۆ نموونە حەسسان پێغەمبەر(ﷺ) بە حەسسانی کوڕی ثابتی فەرمووە هێرش بکەرە سەر بێباوەڕان–بە شیعر– چونکە جبریل لەگەڵتدایە،[٣] هەروەها پێغەمبەر(ﷺ)

---

١ - مشكل الآثار للطحاوى، الرقم 2494

٢ - مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 4803، مشكل الآثار للطحاوى، الرقم 2494، تاريخ المدينة لابن شبة، الرقم 634.

٣ - البداية و النهاية لابن كثير، ج4، ص131.

لە مزگەوتی مەدینەدا مینبەرێکی دانابوو بۆ حەسسان و حەسسان لەسەری دەوەستا و بە شیعر بەرگری لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەکرد، پێغەمبەریش(ﷺ) دەیفەرموو(إن الله يدافع حسان بروح القدس ما ينافح عن رسول الله)،[١] (خوای گەورە بە روحولقودوس پاڵپشتی حەسسان دەکات تا کاتێك بەردەوام بێت لە بەرگری کردن لە پێغەمبەر(ﷺ)).

سەبارەت بە حەمنەش یەکێك بووە لەوانەی لە کۆچی حەبەشەدا بەشدار بووە، دواتریش بەشدار بووە لە کۆچکردن بۆ مەدینەدا، هەروەها لە غەزای ئوحوددا بەشدار بووە.

پێغەمبەری خوا(ﷺ) سەبارەت بە پاداشتی کۆچەران لە رۆژی دواییدا دەفەرموێت(للمهاجرين منابر من ذهب يجلسون عليها يوم القيامة قد أمنوا من الفزع)،[٢] (کۆچەران لە رۆچی دواییدا مینبەری لە زێڕ دروستکراویان هەیە کە لەسەری دادەنیشنو لە ترسو بیمی ئەو رۆژە پارێزراوو دڵنیا کراون).

---

١ - سنن الترمذي، الرقم 2847، مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 25484، المستدرك على الصحيحين، الرقم 6063، مسند احمد بن حنبل، الرقم 23880، جسنه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي، الرقم 2846، قال شعيب الأرناؤوط صحيح لغيره، صححه الذهبي في التلخيص.

٢ - صحيح ابن حبان، الرقم 7369، المستدرك على الصحيحين، الرقم 7028، وقد صححه الألباني في السلسلة الصحيحة، الرقم 3584.

حەمنەش هەم کۆچی حەبەشە و هەم کۆچی مەدینەشی بۆ نووسراوە، جگە لەوەی سەبارەت بە پەرستشی ناو مزگەوتی هاتووە کە خۆی بە پەتەوە گرتووە هێندە نوێژی کردووە.

پاشان ڕووداوی ئیفك لە غەزای مورەیسیعدا ڕوویدا لە ساڵی پێنجەمی کۆچیدا،[١] هاوکات حەمنە هەشتا جەلدەکەی لێدرا و بەوە تاوانەکەی لەسەر نەما، دواتر حەمنە هەر لە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) بوو و پێغەمبەر(ﷺ) لێی عاجز نەبوو، بەڵکو لە غەزای خەیبەردا دواتر کە دەستکەوتەکانی خەیبەر دابەشکرا سی کۆڵ خورمای بەخشی بە حەمنە،[٢] دەی غەزای خەیبەریش لە ساڵی حەوتەمی کۆچیدا[٣] بوو، واتە دوو ساڵ دوای ڕووداوی ئیفك.

هەروەها حەسسان لە فەتحی مەککەدا لەلایەن پێغەمبەری خواوە(ﷺ) پشتگیری کراوە تا بە شیعر بەرگری لە ئیسلام بکات و پێغەمبەر(ﷺ) نزای خێری بۆ کردوە، ئەوەتا جەنابی کیلابی کە هاوەڵێکی پێغەمبەری خوایە(ﷺ) و لە فەتحی مەککەدا موسڵمان بووە دەڵێت بیستم پێغەمبەری

---

١ - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 153.

٢ - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 241.

٣ - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 586.

خوایش(ﷺ) به کەسێکی رەبعەی دەفەرموو(جبرەئیل له راستمەوەیەو میکائلیش له چەپمەوەیەو فریشتەکانیش سێبەریان کردووە بۆ سەربازگەکەم، دەی شتێ له وتەی–شیعری– خۆت بڵێ)، کابراش شیعرێکی وت، منیش وتم ئەرێ ئەو شاعیره کێ بوو؟ وترا حەسسانه، بینیم پێغەمبەری خوا(ﷺ) نزای بۆ دەکرد و فەرمایشتی خێری دەفەرموو.[١]

بۆیه ئەمه بەڵگەیەکه لەسەر ئەوەی موسڵمان دەکەوێته هەڵەوەو هاوەڵانیش وەك موسڵمانانی تر کەوتونەته هەڵەوەو تەوبەیان کردووەو به پەیڕەوی ئەو حەددەی خوا دایناوە بۆ تاوانەکان رازی بوون و پاك بوونەتەوە.

بەڵام ئەوانەی که ئەمڕۆ بەردەوامن له وتنەوەی ئەو بوهتانه حوکمیان جیاوازەو بەر تووڕەیی خوا دەکەون، چونکه ئەو هاوەڵانه پێش ئەوەی حوکمی خوایی لەو بارەیەوە دابەزێت کەوتبوونه هەڵەکەوەو قسەیان کردبوو و که ئایەتی خوا دابەزی تەوبەیان لێکرد، بەڵام ئەمانەی ئەمڕۆ کاتێك ئەو بوهتانه دەڵێنەوە که ئایەتی خوا دابەزیوەو حوکمی یەکلای لەبارەوە داوە که ئەوە تۆمەتێك بووەو خوای گەورە پاکداوێنی دایکی باوەڕداران عائیشەی یەکلا کردووەتەوە، بۆیه حوکمی ئەم دووروانه یان

---

١ - أسد الغابة، ج1، ص 435.

هەڵخەڵەتێنراوانەی ئەمڕۆ جیاوازە، ئەمانە كینەكەیان تەنها بۆ ئەوە نیە عائیشە بە بەدڕەوشت بناسێنن لەبەرئەوەی مەسەلەیەكی وا هاتووە، بەڵكو ئامانجیانە بە شكاندنی عائیشە هەزاران فەرموودەش لەكار بخەن، چونكە لە زاری عائیشەوە گێردراونەتەوە، هەروەها ئەوانە تەنها نەیانگرتووە بە عائیشەوە تا بڵێین تەنها مەبەستیان عائیشەیە و كێشەكەیان لەوەدا بەرتەسك بوەتەوە، بەڵكو ئەوان گرتوویانە بە زۆرینەی هەرەزۆری هاوەڵانەوە، باوباپیرانی ئەم خاوەن روانینانە دەوڵەتێكیان دامەزراند كە زیاتر بە دەوڵەتی قسەبێژان بە هاوەڵان ناسراوە، سەر دەرگای مزگەوتەكانیان كردبوو بە نەفرەت و قسە وتن بە ئەبووبەكر و عومەر و تەلحەو زوبەیر و عائیشەو سەدان هاوەڵی تر، بۆیە پێویستە ئەو كەسانە لە هەر رەوت و مەزهەبێك بن تەوبە بكەن لەو كارەیان، چونكە شكاندنی هاوەڵان واتە شكاندنی قورئان و سوننەت، چونكە هەم قورئان و هەم سوننەتیش لە زاری هاوەڵانەوە نەقڵ كراون، جا ئەگەریش قورئان و فەرموودەش لەكارخران ئیتر چ بنەمایەكی ئاییندارى ئیسلامی دەمێنێتەوە، هەر ئایینەو بنەڕەتێكی هەیە، هەر رێبازێكی فەلسەفی ریشەو بنەرەتێكی هەیە، دەی ئیسلامیش بنەڕەتی دیاریكراوی خۆی هەیە، ئەویش بریتیە لە قورئان و سوننەت و پێغەمبەری خوا(ﷺ)، بە لاسار دانانی هاوەڵان و خێزانەكانی پێغەمبەر(ﷺ) واتە لەكەداركردنی خودی كەسێتی

پێغەمبەر(ﷺ) و لاوازی پەروەردەی و گەیاندنی ئایینی خوا و ناراستی بوونی قورئان و فەرمودەش(پەنا بەخوا لە ناراستی لەو جۆرە).

کاتێك پێغەمبەر(ﷺ) وەفاتی کرد، حەسسان زۆر دڵتەنگ بوو و بە شیعر پێغەمبەری خوای(ﷺ) دەلاواندەوە.[١]

## حەسسان دوای وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ)

جارێك حەسسان لە مزگەوتی پێغەمبەر(ﷺ) شیعری دەهۆنیەوە، عومەر دای بە لایدا و رێگری لێکرد کە بۆچی لە مزگەوتدا شیعر دەهۆنێتەوە، ئەویش وتی من لە مزگەوتی پێغەمبەر(ﷺ) شیعرم دەهۆنیەوەو کەسی لە تۆ باشتریشی تێدا بوو(مەبەستی پێغەمبەر(ﷺ) بوو)، عومەریش وتی راست دەکەیت.[٢]

رۆژێك عائیشەی دایکی باوەڕداران دانیشتبوو و خەڵکێك باسی حەسسانیان دەکرد و قسەیان بەرامبەری دەوت، ئەویش راچڵەکی و وتی باسی کێ دەکەن؟ وتیان حەسسان؟ عائیشە وتی وس،من بیستوومە لە

---

١ - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 321-324.

٢ - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 513.

پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو (ئەوە بەربەستێکی نێوان ئێمەو دووڕووەکانە، تەنها باوەڕدار خۆشی دەوێت و تەنها دووڕوویش رقیەتی لێی).[١]

حەسسان پاش تەمەنێك بینایی لەدەست دا و کوێر بوو، جارێك چوو سەردانی دایکی باوەڕداران عائیشەی کرد، عائیشەش راخەرێکی بۆ دانا، ئەوەبوو عەبدوڕەحمانی برای عائیشە هاتەژوورەوەو وتی وا لەسەر راخەر دایدەنیشێنیت لەکاتێکدا لە رووداوی ئیفکدا قسەی هەبوو؟! عائیشەش وتی حەسسان لەسەر پێغەمبەر(ﷺ) دەهاتەوە جواب و بەرگری لێدەکرد و بە لێدانی دوژمنانی پێغەمبەر(ﷺ) ئاسوودەیی دەبەخشی بە دڵ و دەروونی پێغەمبەر(ﷺ)، من هیوام وایە حەسسان لە رۆژی دواییدا سزای نەبێت.[٢]

---

١ - أخبار أصبهان لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1470، قال الذهبي في (سير أعلام النبلاء، ج2، ص 518) هذا حديث منكر.

٢ - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 514.

ئایا حەسسان بەیعەتی دا بە عەلی؟

**رایەك هاتووە كە برێك لە هاوەڵان بەیعەتیان نەدا بە عەلی كوڕی ئەبوو تالیب، لەوانەش حەسسانی تێدابوو، بەڵام ئەمە راست نیە، چونكە زۆرترین ئەو رێژەی هاتووە كە هاوەڵانی ناو مەدینە بەیعەتیان نەدابێت بە عەلی تەنها ناوی حەوت كەس هاتووە كە ناوی حەسسانی تێدا نیە،[١] بۆیە بە دڵنیاییەوە حەسسان بەیعەتی داوە بە خەلیفەی چوارەمی باوەرداران عەلی كوڕی ئەبوو تالیب.**

مردنی حەسسان

**سەبارەت بە مردنی حەسسان دەوترێت لە تەمەنی سەد ساڵی و لە ساڵی چلی كۆچیدا مردووە، رایەكی تر دەڵێت لە سەد و دە ساڵی و لە ساڵی پەنجای كۆچیدا مردووە، رایەكی تر دەڵێت لە تەمەنی سەد و چوار ساڵیدا مردووە، رای زۆرینەش لەسەر ئەوەیە كە تەمەنی سەد و بیست ساڵ بووە، شەست ساڵی ژیانی پێش ئیسلام و شەست ساڵیشی لەناو ئیسلامدا بەسەر بردووە.[٢]**

---

١ - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 227.

٢ - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 64.

پەندو وانە

هەرکەسەو هەوڵ بدات لایەنی بەهێزی خۆی بزانێت تا بتوانێت لەو روانگەوە خزمەت بکات، بۆ نموونە کەسی وا هەیە لە مەیدانی زانستیدا بەهێزە، ئیتر چاك وایە گرنگی زیاتر بەو بوارە بدات و لەو روانگەوە خزمەت بکات و تایبەتمەندی تێدا وەربگرێت، کەس هەیە لە مەیدانی سەربازیدا بەهێزە، ئیتر پێویستە هەوڵ بدات لەو روانگەوە خزمەت بکات، نەك بیەوێت مەیدانەکەی بگۆڕێت، دەبینین حەسسان کە لە مەیدانی شیعر و ئەدەبیاتدا بەهێز بوو توانی خزمەتێکی بالا لەو بوارەدا پێشکەش بکات.

هەروەك ئەمە ئاماژەیە بەوەش کە وەرگرتنی تایبەتمەندی لە کار و بوارێکدا پەیڕەوێکی سەرکەوتووە، لەمەشدا ئیسلام رێنمایی تایبەتی خۆی هەیە، ئەویش ئەوەیە زانیاری گشتیت لە مەسەلە پێویستە گشتیەکاندا هەبێت وەك بیروباوەڕ و بنەماکانی ئایین و پێویستیە سەرەتاییەکانی جموجوڵی ژیان، ئینجا تایبەتمەندی وەربگرە لە بوارێکدا کە لەگەڵ حەز و تواناو بەهرەشتدا گونجاو بێت، چونکە تایبەتمەند بوون سەرکەوتنی ناوازە لەو بوارەدا دەبەخشێت، دەبینین لەنێو ئەو هەموو هاوەڵەدا پێغەمبەری خوا(ﷺ) حەسسان هەڵدەبژێرێت بۆ وەڵامی ئەدەبی و شیعری ناحەزانی ئیسلام، هانیشی دەدات لەسەر ئەو کارەی، بۆیە ئەوەی لە مەیدانی جیهاددا بە خالید دەکرا بە حەسسان نەدەکرا، ئەوەش لە مەیدانی ئەدەبدا بە حەسسان دەکرا بە خالید نەدەکرا.